www.kurdistannet.org

# وەرگێڕی فەرمی ئالیکاری سەرەك ئەرکانی سوپای عیراق لە سەردەمی ئەنفالەکاندا ئامادەییە شایەتی لە سەر نەزار خەزرەجی بدا

ئارام زەندی

هیچ کوردێکی باشووری کوردستاندا نیە ، بێجگە لە سەرکردە و هەندێ لە ئەندامانی پارتی و یەکێتی و هێزەکانی بە نێو ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی ، گومانی لەوەدا هەبێ کە نەزار خەزرەجی و وەفیق سامەرائی و هەموو هاورێکانیان لە کۆنە بەعسی و پیاوانی دەزگا مرۆڤخۆرەکانی رژێم دەستیان سووره بە خوێنی هەزاران کورد و بە ئاگاداری و بە پلاّن هەولّی قڕکردن و لە نێوبردنی کوردیان وەکو رەگەز داوە و لە کاولکردنی کوردستان ڕۆلّی سەرەکییان بینیوە. ئەوەی هەندێ ئاگای لە مێژوو بێ دەزانێ کە سەرکردە سیاسی و سوپاییە نازییەکان کە درانە دادگا لە بەر ئەوە نەبوو کە بە دەستی خۆیان خەلّکیان کوشتوەو ئازار داوە ، بەلّکو لە بەر ئەوە بووە کە بەشدارییان کردووە لە نەخشەکێشان و پلاّندان و ئەنجامدانی ئەو کارانەدا بۆیە دەبوایە سزا بدرێن و ببنە پەندی زەمانە . کێ بێ ئەوەندە گێل و گەلحۆ بێ و ئەوە تێنەگا کە ئەرکی جێ بە جێکردنی قەسابخانەکانی ئەنفال و هەلّەبجە و وێرانکردنی کوردستان تەنها بە سوپای وێرانکەری عیراق دەتوانرا ئەنجام بدرێ ، و هەلّبەتە لەم کارە زەبەلاحەشدا ڕۆلّی هەرە گەورە دەکەوێتە سەر سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و ئیستخباراتی عەسکری ئەو سوپایە. ئەم وتانە تەنها بۆ ئەوەیە کە ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئێمە لە یەکەم رۆژەوە هیچ گومانمان نەبوو لەوەی کە نەزار خەزرەجی و هاورێکانی تاوانبارن بە رامبەر بە گەلی کورد و سەرجەم گەلی عیراق و گەلانی ئێران و کوێت و سەدان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و جینۆسایدیان ئەنجامداوە. ئەو پروپاگەندە هەرزانانەی کە هەندێ لە کۆنە پیاوانی رژێم و سیخورەکانی و گەمژەپیاوانی کورد لە دژی ئەوانەی کە داوای دادگایی کردنی خەزرەجی لێرە و لەوێ بە شێوەیەکی ترسنۆکانە بلاّویان کردەوە زۆر زوو لای نیشتمانپەروەرانی کورد ئاشکرا بوون و بوون بە میوانی زبلّکوانی مێژوو و خاوەنەکانیان تەنها روو زەردیان بۆ مایەوە.

لە کوردستاندا هەزاران بەلّگە لە ئارادان کە تاوانەکانی ئەم مرۆڤخۆرانە دەخەنە روو سەد مخابن هەلّوێستی سەقەتی پارتە سیاسییەکان و سڕبوونی رێکخراوە بە نێو سەربەخۆ و دەزگاکانی کۆمەلّگەی مەدەنی ! ! ! بوونەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن هەندێ لەو بەلّگانە کۆ بکەنەوە و بگەیەننە دادگاکانی دانیمارك . لە گەلّ ئەوەشدا لێرە و لەوێ خەلّکی وا پەیدا دەبن کە ئەو کۆت و زنجیرە دەشکێنن و ئامادەن ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بە تاوانەکانی خەزرەجی و هاورێیانی بەجێ بێنن کە لە هەمان کاتدا و ، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە سەقەتە کە ئەمە بە خزمەتی رژێم لە قەلّەم دەدا ، تاوانبارکردنی سەرانی رژێمە بە تاوانی جەنگ و لە دژی مرۆڤایەتی.

یەکێ لەوانەش کوردێکی باشووری کوردستانە ( پێمان باش نیە ئێستا ناوی ئاشکرا بکەین بۆ ئەوەی ژیانی نەخەینە مەترسییەوە) کە لە کاتی ئەنفالەکاندا وەرگێری فەرمی ئالیکاری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراق بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنی سەربازی فەریق ڕوکن سابت سولّتان بووە و بە دەرەجەی کاپتن ( نەقیب ) لەو بەشدا و بۆ سابت سولّتان وەرگێری کردووە. دەربارەی قەسابخانەکانی ئەنفال و رۆلّی نەزار خەزرەجی کە ئەو کاتە سەرداری فەیلەقی یەك بووە و ئەرکی جێ بە جێکردنی شالاّوەکانی ئەنفالی پێ سپێردرابوو بە تایبەتی لە ناوچەکانی قەلاّ سێوکە لە نزیك شارۆچکەی چەمچەمالّ ، گەلێ ئاگادرای زانیارییە لەو بارەوە لە لایە . ناوبراو ئامادەیە هەموو ئەو زانیارییانەی لەو بارەوە دەیزانێ و ئاگای لێیان بووە

بخاته بەردەم دادگای دانیمارك و هەر دادگایەكی تری نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی جەنگ و شایەتی لە سەر رۆڵ و بەشداری نەزار خەزرەجی بدات .

دوای پەیوەندی كردن لە گەڵ ناوبراودا بەو ناوەرۆكەی سەرووەوە نامەیەكی ناردوە بۆ بەرێز P.B.Andersen . نامەكە بە زمانی كوردی و بە دەست نووسراوە ، هیواداریین دادگای دانیماركی پشت گوێی نەخا و ئەو برادەرانەی كە لە هەڵ و تەقەلادان لە دانیمارك وەدووی بكەون .

لێرەدا دەقی نامەكە وەكو خۆی و بە بێ دەسكاری هەڵە و زمانەكەی و بێ نێو بلاْودەكەمەوە:

To: Mr. P.B.Andersen

بەرێز دادگای دانیمارك....

ماوەیەكە لە رێگەی راگەیاندنەكانی ناوخۆی كوردستانەوە هەواڵی ئەوە بلاْوكراوەتەوە كە چەند كوردێكی دانیشتوی دانیمارك داوایەكیان لە سەر نەزار عبدالكریم خزرجی تۆمار كردوە كە دەستی لە عەمەلیاتی ئەنفالدا هەبووە كە لە ساڵی ١٩٨٨ لە كوردستانی عیراقدا دژ بە خەڵكی بێ دیفاعی كوردستان ئەنجام دراو تێیدا ١٨٢ هەزار مرۆڤ بێ سەر و شوێن كران .

سەرەتا بە پێویستی دەزانم سوپاسی وڵاتی دانیمارك بكەم كە ئەو ئەركە گەورەیە دەگرێتە ئەستۆی خۆی كە ئەوە لای ئێمە و لە مێژوودا بە شەرەفێكی گەورە تۆمار دەكرێت.

دەربارەی ئەوەی كە ناوبراو دەستی لە ئەنفالدا هەیە یا نا ... من وەك شایەدحاڵێك ئاگاداری زۆر وردەكاری سەردەمی ئەنفالم بەو حوكمەی كە لە كاتی ئەنفالدا من بە سیفەتی مترجم و بە پلەی ( نقیب) لای معاون رئیس اركان جیشی عیراق بۆ شۆونی عملیاتی عسكری بووم ... كە ئەو كاتەش ( فریق ركن سابت سوڵتان پابت سلگان ) سەرپەرشتی دەكرد و ( فریق ركن نزار خزرجی ) ئەو كاتە قائد فیلەقی یەك بوو كە ئەركی راپەراندنی عەملیاتی ئەنفالی پێ سپێردرا بوو لە كوردستان دا و بە تایبەت لە ناوچەكانی قەلاْسێوكە لە نزیك شارۆچكەی چەمچەماڵ.

من ئامادەم لە بەردەم دادگای دانیمارك یاخود دادگای لاهای نێودەوڵەتی لە هۆڵەندا ئامادە بم و ئەو راستیانەی دەیزانم لە بەردەم دادگادا بیان خەمە روو.

لە كۆتایشدا جارێكی تر سوپاسی وڵاتی دانیمارك دەكەم كە بەو ئەركە گرنگ و ئینسانی یە هەستان .

لە گەڵ رێزمدا

ناو و ئیمزا

٢٥ / ١٢ / ٢٠٠١

©Kurdistan Net